# ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا
# ئەپریلی 2020

<u>نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان</u>

## سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

**پێشەکی:**

تا ئێستا ژمارەی بەرکەوتووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان لە (2,500,000) کەسی نزیك بۆتەوە و زیاتر لە (156,000) کەسیش گیانیان لە دەستداوە و ژمارەکەش بەردەوام لە هەڵکشاندایە، بەجۆرێك بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە زۆر وڵات لە کۆنترۆڵ دەرچووە. بۆیە وڵاتان پێداچوونەوەیەکی رێکارەکانی خۆیان کرد بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانیان بەم ڤایرۆسە، چونکە لە ڤایرۆسێکی درمەوە، بووە بە پەتایەکی جیهانی و لە ئێستادا هەڕەشە لە هەموو وڵاتان دەکات و بووتە هۆی گیان لە دەستدانی هەزار کەس، کەرەنتینە کردنی زۆربەی شارە گەورەکان، درووستبوونی قەیرانی ئابووری و ترس و دڵەڕاوکێی بەردەوام.

لە کاتێکدا هەموو جیهان لەم مەترسییەدا هاوبەشە و هەر وڵاتێك بەپێی رێکارە تایبەتییەکانی خۆی مامەڵە لەگەڵ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی دەگرن، بەداخەوە ئەم رێکارانە کاریگەرییەکی زۆریان کرۆدتە سەر کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی ، چونکە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان داخراون، چونکە حکومەتەکان بەرپرسن لە بڵاونەبوونەوەی پەتاکە و کۆنترۆڵ کردنی، یاخود بە لایەنی کەمەوە کەم کردنەوەی ژمارەی بەرکەوتووان و مردووان بە هۆی ڤایرۆسەکە.

سەبارەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر زوو هەنگاوەکانی لەو رووەوە دەستپێکرد و سەرەتا لە قەدەغە کردنی هاتوچۆی گشتییەوە دەستی پێکرد، لە هەمان کاتدا کاتدا کارمەندانی کەرتی تەندروستی بەشێوەیەکی گشتی کەوتنە ئامادەباشییەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە کوشندەیە. ئامانجی ئەم راپۆرتە خستنەڕوو و روونکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو رێکارانەیە کە حکومەتی هەرێم گرتوویەتییە بەر بۆ رووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێم، هەروەها تیشك دەخاتە سەر رۆڵی کارمەندانی کەرتی تەندروستی و کارمەندانی پۆلیس و ئاسایش و زێرەڤانی لە جێبەجێکردنی ئەو رێکارانە لە ماوەی رابردوو و ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە لایەنە نێودەوڵەتییەکان تا ئێستا لەسەر رێکارەکانی هەرێم کوردستان هەیانبووە.

**داتاکانی تووشبوون و چاکبوونەوە لە هەرێمی کوردستان:**

- یەکەم حاڵەتی تووشبوون لە ڤایرۆسی (COVID-19) رۆژی 2020/2/24 لە شاری نەجەف تۆمار کرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان خوێندنی لە قوتابخانە حکومی و ئەهلییەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان داخست و زیاتر لە دوو هەزار کەسی خستە کەرەنتینەوە ئەوانەی کە لە ئێران گەڕابوونەوە.
- لە یەکی ئازار ژمارەی تووشبووان لە عێراق گەیشتە (13) حاڵەت، لە هەرێمی کوردستان هیچ حاڵەتێك تۆمار نەکرابوو، بەڵام بڕیار درا کە هەر هاوڵاتییەك لە ئێران بگەڕێتەوە پێویستە بۆ ماوەی (14) رۆژ، دەزگا ئەمنییەکانیش ئەو هاووڵاتیانەیان ئاگادار کردەوە کە بە هەوڵیاندا بوو بۆ خۆدزینەوە لە کەرەنتینە کردن بەرێگای قاچاغەوە بگەڕێنەوە هەرێم.
- تا رۆژی 5ی ئازار ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان گەیشتە (5) حاڵەت کە هەر هەموویان لە پارێزگای سلێمانی بوون، حکومەتی هەرێم رێکارەکانی هاتوچۆی توند کرد لە نێوان هەرێم و کۆماری تورکیا، لە هەمان کاتدا

لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و ڕێکخراوی تەندروستی جیهان لە پەیوەندیی بەردەوامدا بوون.

- لە نێوان 24 ی شوبات و 26 ی ئادار زیاتر لە (5144) خرانە کەرەنتینەوە ، لە رۆژی 27ی ئادار ژمارەی ئەوانەی کەرەنتینە کرابوون (1651) کەس بەم شێوەیە: هەولێر (700) کەس، سلێمانی (275) کەس، دهۆك (566) کەس، هەڵەبجە (42) کەس، کۆیە (20) کەس، ئیدارەی گەرمیان (39) کەس.
- ژمارەی تووشبووان تا رۆژی 29ی ئادار گەیشتە (128) کەس و لەم ماوەیەدا (4774) پشکنین ئەنجامدرا و ژمارەی مردووان (2) کەس و (39) کەس چاکبوونەوە.
- لە 1ی ئادار تا 7ی نیسان زیاتر لە (12123) پشکنین ئەنجامدرا لەوانە (289)یان پۆزەتیڤ بوون و (110) حاڵەت چاکبوونەوە و گەڕانەوە ماڵەکانیان، بەڵام ژمارەی مردووان گەیشتە (3) کەس.

## <u>ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان:</u>

ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی زۆر رۆڵێکی باشی هەبوو لە تەشەنە نەکردنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (Covid-19)، هەر لە سەرەتاوە چەند ڕێکارێکی خۆپارێزیی راگەیاند:

- لە 2020/2/18 حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی کراوەی بۆ رووبەڕبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەرخان کرد.
- وەزارەتی دارایی و ئابوری بودجەیەکی تایبەتی تەرخانکردووە بۆ پارێزگاکان کە لە نزیکەوە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ کاردەکەن.
- لە 2020/3/5 بڕیاردرا سەرجەم رێورەسمە ئاینییەکان لە (مزگەوت، کڵێسا، و پەرستگاکا) بە گوتاری هەینی مزگەوتەکانیشەوە، لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان هەتا کاتێکی نادیار رابگیرێت.
- لە رۆژی 2020/2/26 دەوامی قوتابخانەکانی بۆ ماوەی مانگێك داخست، دواتر دەوامی زانکۆ و پەیمانگاکانی لە سەرتاسەری هەرێم داخست.
- چەند سەنتەرێکی تەندروستی تەرخانکراو ئامادەکراون لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی حاڵەتی توشبوو بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا و پیشکەشکردنی چاودێری پێویست.
- کاتژمێرەکانی دەوامی ئاسایی فەرمانبەرانی کەم کردەوە.
- رایی کردنی مامەڵەی هاووڵاتیانی لە چەند فەرمانگەیەك راگرت کە ئەگەری قەرەباڵغی و بەرکەوتنی هاووڵاتیانی تێدا زۆرە.
- لە 2020/3/10 فەرمانگەکانی حکومەتی داخست، جگە لە وەزارەتەکانی تەندروستی و ناوخۆ.
- لە 2020/3/12 هاتوچۆی نێوان پارێزگاکانی راگرت.
- لە 2020/3/14 قەدەغەی هاتوچۆی راگەیاند لە هەرێمی کوردستان، جگە لەو شوێنانەی کە گرنگ و پێویستن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان وەك مارکێتەکان و نانەواخانەکان.

- له 2020/3/14 گەشتە فڕۆکەوانییەکانی ڕاگرت لە نێوان هەولێر و سلێمانی و بەغدا و بەسرا تاکو 18 /2020/3، جگە لە دیپلۆماتکاران، شاندە فەرمییەکان، گەشتەکانی ڕێکخراویUN ، و هاوپەیمانان.
- له 2020/4/1 حکومەتی هەرێم قەدەغەی هاتوچۆی درێژکردەوە تاکو 2020/4/10.
- ڕاگرتنی گشت چالاکییە وەرزشییەکان تا 2020/4/1 و پێویستە یارییەکان بە بێ هاندەر بەڕێوەبچێت.
- داخستنی گەشتە فڕۆکەوانییەکان بەردەوام بوون تا 2020/4/11.
- کردنەوەی بانکە ئەهلییەکان ڕێکخرا بۆ ڕایی کردنی مامەڵەی هاووڵاتیان.
- دوای دەرکەوتنی چەند حاڵەتێکی تووشبوون لە دەربەندیخان، سەرۆکی حکومەتی هەرێم فەرمانی کرد بە دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەم شارۆچکەیە.
- بڕیار درا بەشیوەیەکی کاتی بەشە ناوخۆییەك بۆ تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە قەزای دەربەندیخان بکرێتە نەخۆشخانە و سەرجەم پێداویستییەکانی ئەو نەخۆشخانەیە لە کارمەند، پزیشك و پێداویستیی پزیشکی دابینکران.

## ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران:

ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو دانیشتوانی هەرێم بە یەکسانی پیادە کرا و لەو ڕووەوە گرنگییەکی زۆر بە کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران درا و لەم ڕووەوە بڕیار درا لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ڕێکارە تەندروستییەکان لە کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران بگرنەبەر .

بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و ئاژانس و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات کە گرنگی بە مەترسیی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بدەن، بەتایبەتی لە کەمپەکان کە ژمارەیەکی زۆری پەنابەر و ڕاگوێزراو لەخۆ دەگرن و ئەگەری تووشبوون بەم ڤایرۆسە لەو شوێنانە زیاترە و کۆنترۆڵکردنیشی کارێکی ئاسان نابێت، بۆیە پێویستە هەوڵەکانی هەموو لایەک بۆ دوورخستنەوەی مەترسی بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا چڕ بکرێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بودجەی تایبەت بە یارمەتیدانی ڕاگوێزراوان لە چەند کەرتێک بە ڕێژەی (٥٠%) کەم کرایەوە، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان هەبووە.

وەك پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی ڕاگیراوان و سزادراون لە تووشبوون بە نەخۆشییەکە، حکومەتی هەرێم لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ دیراسەتکردنی بارودۆخیان بە مەبەستی دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ ئازادکردنی ژمارەیەك لە حوکمدراوان و ڕاگیراوان، بەپێی دەرەنجامی کارەکانی لیژنەکە بڕیاری تایبەت بە دۆخی ئەوانە دەدرێت، چونکە دەتوانرێ بڕیارێك دەربچێت بۆ ئازاد کردنی بەشێك لەو زیندانیانەش دەربچێ کە حوکمەکانیان کەمی ماوە وەك کارکردن بە ئازادبوونی بەمەرج تاکو لەم کاتەدا ئەوانەی دەگونجێ بگەڕێنەوە نێو خانەوادەکانیان. لەم ڕووەوە سەرەتا ژمارەیەکی زۆر بەندکراو بە مەرج ئازاد کران بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- له هەولێر (159) گیراو.

2- له سلێمانی (348) گیراو.

3- له دهۆك (319) گیراو.

## هەڵسەنگاندنی لایەنە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێم لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا:

ئەم ڕێکارانەی کە لە هەرێمی کوردستان گیرانە بەر مایەی دەستخۆشی و ستایشی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتان بوو، چونکە هەر زوو حکومەتی هەرێم لە فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان ڕێوشوێنی توند ئەنجامدران بۆ پشکنینی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد لەوانە کەرەنتینە کردنی دوو هەزار کەس کە لە ئێرانەوە گەڕابوونەوە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی 14 ڕۆژ، هەروەها دەستکرا بە ڕێوشوێنی یاسایی و گەڕان بەدوای ئەو کەسانەی کە گومان دەکرێت لە دەرەوەی خاڵە سنوورییە فەرمییەکانەوە هاتبنەوە هەرێم و پشکنینیان ئەنجام نەدابێت بۆ ئەوەی کەرەنتینە نەکرێن.

لیژنەیەکی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەست بەکاربوو، ئەم لیژنەیە بەردەوامە لە ئەنجامدانی کارەکانی بۆ ڕێگە گرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بۆ ئەم مەبەستەش لە پەیوەندی بەردەوامدایە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی حکومەتی فیدراڵ و لایەنە نێودەوڵەتییەکان بۆ یارمەتیدانی هەرێم.

کونسوڵی گشتی ئیتاڵیا لە بارەی ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێم دەڵێ: ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامیدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆرنا مایەی دەستخۆشی و ستایشە، چونکە ئەوەی پێویست بوو ئەنجامیدا بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و هاندانیان بە پابەندبوون بە ڕێنماییەکان. کونسوڵی گشتی فەرەنساش بە هەمان شێوە ستایشی حکومەتی هەرێمی کرد و داوای لەو هاووڵاتییە فەرەنسیانەی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن کە پابەند بن بەو ڕێنماییانە و هاوکاری دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بکەن. لە 2020/3/19 عەدنان نەوزاد بەرپرسی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە عێراق ستایشی ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، چونکە هاوتایە لەگەڵ ئەو پرۆتۆکۆل و ڕێکارانەی کە ڕێکخراوی ناوبراو دایناوە لە سەرتاسەری جیهان، هەروەها هاووڵاتیانیش تا ڕاددەیەکی زۆر پابەندن بەم ڕێکارانەوە.

لە 2020/4/3 پەیمانگای واشنتون وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناوی ( هەرێمی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا- ئەو پەندانەی پێویستە سوودیان لێ وەربگیرێت)، لەم وتارەدا بە ڕوونی ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا، لە هەمان کاتدا داوا لە وڵاتان دەکات کە لەم ڕووەوە ڕێچکەی هەرێمی کوردستان بگرن. ئاماژەش بەوە دەکات بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتان کە پێشتر مەترسی بڵاوبوونەوەی

پەتای هاوشێوەی سارسیان هەبووە، بەڵام لەساڵی 1992ەوە کە حکومەتی هەرێم دامەزراوە تا ئێستا قەیرانی لەو جۆرەی بەخۆیەوە نەبینیوە، سەرەڕای سەختی بارودۆخەکەی سەلماندی کە باشترین نموونەی حوکمڕانییە لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو قەیرانانە، هەروەها ئەوەش دەخاتە روو کە میدیاکانی کوردستان رۆڵێکی ئەرێنییان لەو قەیرانەدا هەبووە لە گواستنەوەی داتا و زانیارییەکان کە رۆژانە لەسەر زاری بەرپرسە پەیوەندیدارەکان بە هاووڵاتیانی دەگەیەنن.

## گەڕاندنەوەی هاووڵاتیانی هەرێم لە دەرەوە:

لەسەر راسپاردەی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو هاوڵاتیانەی لە دەرەوە گیریان خواردووە، ئەم پرۆسەیە بە چەند قۆناغێك ئەنجامدرا بەم شێوەیە:

- رۆژی 2020/4/2 نزیکەی ١٠٠ هاولاتی هەرێمی کوردستان کە لە وڵاتی هیند گیریان خواردبوو گەیشتنەوە هەرێمی کوردستان.
- رۆژی 2020/4/13 لە رێگای فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر (118) لە شانشینی عەرەبی سعودی گیریان خواردبوو گەیشتنەوە و هەولێر وراستەوخۆ بە پاس گەڕانەوە بۆ هەردوو پارێزگای کەرکووک و موسڵ.
- رۆژی 2020/4/15 لە عەممانی پایەختی ئوردن 157 هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان کە بەهۆی وەستانی گەشتە ئاسمانییەکان، گیریان خواردبوو، بۆ هەرێمی کوردستان گەڕێندرانەوە.
- رۆژی 2020/4/17 لە رێگەی دوو فڕۆکە 107 هاولاتی لە ئەڵمانیا 163 هاولاتی لە بەریتانیا کە بەهۆی وەستانی گەشتە ئاسمانییەکان، لە بەریتانیا و ئەڵمانیا گیریان خواردبوو، گەیشتنەوە هەرێمی کوردستان.

پرۆسەی گەڕاندنەوەی هاووڵاتیان بە هەماهەنگیی نێوان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵ لەگەڵ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغداو هێڵی ئاسمانی عیراقیەیە.

ئەو هاووڵاتیانەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەیشتنیان بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر رێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆڕۆنایان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت و بۆ ماوەی ١٤ رۆژ کەرەنتین دەکرێن.

## هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق:

- لە 2020/3/25 نەتەوەیەکگرتووەکان پلانێکی مریی راگەیاند بە بڕی (2) ملیار دۆلار بۆ رووبەڕووبوونەوەی (COVID-19) بۆ یارمەتیدانی وڵاتە هەژارەکان لەوانەش عێراق.
- حکومەتی چین لە رێگای کونسوڵخانەی گشتیی لە هەولێر یارمەتی پێشکەش بە هەرێم کردووە کە پێکدێت لە کەرەستەی و کەلوپەلی پزیشکی پێویست بەتایبەتی کیتی پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەروەها تیمێکی پزیشکی چینیش سەردانی هەرێمی کرد بۆ ڕاوێژکردن و هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای هەرێم بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی

ڤایرۆسەکە و لە نزیکەوە چاویان بە تووشبووانی نەخۆشییەکە بکەوێت لە هەرێم، لەلایەکی دیکەوە چەند کۆمپانیایەکی چینی بڕیاریان داوە چەند ئامێرێکی پزیشکی پێویست بۆ هەرێم دابین بکەن.

- حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕێ (15.5) ملیۆن دۆلاری پێشکەش بە عێراق کرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا.
- رێکخراوی تەندروستی جیهانی بە بڕی نزیکەی 500 هەزار دۆلار پێداویستی پزیشکی و پێداویستی خۆپارێزی تایبەت بە بەرەنگاربونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی پێشکەشی هەرێم کرد، لەوانەش سێ ئامێری هەناسەدانی دەستکرد، سێ مۆنیتەر، جل و بەرگی تایبەتی خۆپارێزی و کەل و پەلی تری خۆپارێزی وەك دەستکێش و دەمامک و چاویلکە و پێداویستی دیکە کە لە نەخۆشخانەکان پێویستن.
- رێکخراوی سیبیرت ئۆف ئەمریکا لەسەر داوای وەزارەتی پێشمەرگە و لە رێگای کونسوڵخانەی  گشتی ئەمریکا لە هەولێر بڕی (18000) دۆلاری پێشکەش بە وەزارەتی پێشمەرگە کرد بۆ دابینکردنی کەلوپەلی خۆپارێزی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کە بریتی بوون لە دەمامك و دەستکێش و کەرەستەی پزیشك و پاککردنەوە.
- حکومەتی ژاپۆن بڕی (41) ملیۆن دۆلاری پێشکەش بە حکومەتی عێراق کردووە.
- پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی هۆڵەندا، بەلجیکا و سوید بڕی (5) ملیۆن دۆلاری پێشکەش بە حکومەتی عێراق کردووە.
- کۆمیسۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران هاوکاری ماددی پێشکەش بە (110,000) خێزان کە دەکاتە (550,000) پەنابەر و ئاوارە کرد و ئەوانەی کە گەڕاونەتەوە سەر زێدی خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن دەرمان و پاککەرەوەکان بۆ خۆیان دابین بکەن.
- لە رێکەوتی 2020/4/15 کۆمیسۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران هاوکاری ماددی راستەوخۆی پێشکەش بە پەنابەرانی کەمپی باسرمە کرد لە پارێزگای هەولێر، هاوکارییەکانیش بە جۆرێك دابەش کران کە هیچ جۆرە قەرەباڵغییەك درووست نەبێت.

**<u>پاڵپشتی و یارمەتی دەزگا خێرخوازی ناوخۆییەکان بۆ حکومەتی هەرێم:</u>**

- دەزگای خێرخوازی بارزانی پرۆژەی هێڵی گەرمی هاوکاری خۆراکی خستە کار کە (32904) پەیوەندییان پێوە کرد و توانراهاوکاری پێشکەش بە (25234) خێزان بکرێت.
- دەزگای خێرخوازی بارزانی  هەستا بە گەیاندنی هاوکاری بۆ ناوچە کەرەنتینەکراوەکان بەم شێوەیە:

**سێبیران-** دوای کەرەنتینەکردنی سێبیران بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی، تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاریی خۆراکیی گەیاندە خێزانەکان لە سێبیران و ماڵ بە ماڵ پێشکەشی خێزانەکانییان کرد کە  1342 خێزان لێی سودمەند بوون.

**خەلیفان** - لە شارۆچکەی خەلیفان لە پارێزگای هەولێر چەندین حاڵەتی کۆرۆنا دەستنیشانکران پاشان شارۆچکەکە بەتەواوی کەرەنتینە کرا، تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکارییان گەیاندە خێزانەکان لە خەلیفان کە 1260 خێزان لێی سودمەند بوون.

**کارێزان** - بەهۆی دوو پرسەی ماتەمینییەوە لە گەڕەکی کارێزانی پارێزگای هەولێر دەیان کەس توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، بەو هۆیەشەوە گەڕەکە کەرەنتینە کرا، دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری گەیاندە خێزانە کەمدەرامەتەکانی دانیشتووی کارێزان کە 1000 خێزان لێی سودمەند بوون .

- دەزگای خێرخوازیی بارزانی و لقی هەولێری مانگی سووری عێراقی، سەرجەم پێداویستییە تەندرووستییەکانی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێریان دابین کە ئامادە کرا بۆ پێشوازی کردن لە تووشبووانی کۆرۆنا لە کاتی پێویست، پێداویستییەکانیش کە بریتییە لە 150قەرەوێڵە.
- دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەستیکردووە بە درووستکردنی نەخۆشخانەیەکی نوێ و لە ماوەی 60 رۆژدا تەواو دەکرێت بۆ نەخۆشانی کۆرۆنای نوێ کە ( 70) قەرەوێڵە لە خۆی دەگرێت.
- نەخۆشخانەی ئیماراتی لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی و مانگی سوری ئیماراتییەوە بۆ نەخۆشانی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان دابین کراوە کە (50) قەرەوێڵە لە خۆ دەگرێت.
- لە سەرەتایی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی رێنمایی تەندرووستیان لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و کەمپەکاندا بڵاوکردەوە.
- بەرنامەی هۆشیاری دەروونی ئەم بەرنامەیەدا لەلایەن دەزگای خێرخوازی بارزانییەوە ئامادە کراوە و تێیدا هۆشیاری دروونی پێشکەشی هاوڵاتییان دەکرێت، لە رۆژانی کەرەنتینەدا و چۆنیەتی تێپەڕاندنی ئەم دۆخە.
- لەڕێکەوتی 11ی نیسانی 2020، دەزگای روانگە هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستپێکرد بۆ دابینکردنی خۆراك بۆ ئەو خێزانانەی پێویستیان بە هاوکارییە، هەڵمەتەکە لە سەرتاسەی هەرێمی کورستان لە خۆ دەگرێت، قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە لە رێکەوتی 11ی نیسان لە شارەدێی دارەتووی سەر بە پارێزگای هەولێر، شارەدێی بازیان سەر بەپارێزگای سلێمانی، شارۆچکەی زاخۆ لە پارێزگای دهۆک و سەنتەری پارێزگای هەڵەبجە دەستی پێکرد.
- لە بەرواری 15ی مانگی مارسی 2020، دەزگای روانگە خواردنی بەسەر تیمەکانی ئاسایش و تەندرووستی لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك دابەش کرد.
- دەزگای روانگە بۆ پشتگیری کردنی زیاتر لە بریاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ، هەڵمەتی #لەماڵەوە_بمێننەوە ی لە تۆڕە کۆمەڵایاتییەکان راگەیاند، هەڵمەتەکە چەند چالاکییەکی لە خۆی دەگرت بۆ گەنجان وەکو بڵاوکردنەوەی رێنمایی پێویست بۆ خۆ پاراستن لە ڤایرۆسەکە و بڵاوکردنەوەی وانەی ئۆنلاین بۆ قوتابیان و چەندین چالاکی سوودبەخشی دیکە.
- رێکخراوی رۆژگاری کورد بۆ هاوکاری مرۆیی هەستا بە دابەشکردنی زیاتر لە 2000 سەبەتە و 250 بۆکس خۆراك بەسەر خێزانە هەژارەکانی شاری هەولێرو دەوروبەری وەک مەلا ئۆمەر، کەسنەزان، گەڕەکەکانی فەرمانبەران، کارێزان، مام زاوا، قەتەوی، بەلاشاوە.

- ڕێکخراوی رۆژگاری کورد بۆ هاوکاری مرۆیی 100 کیسی خواردنی دابین کردووە  بۆ شاوێس.

**<u>کەمپینی (بەیەکەوە بەهێزترین)ی تایبەت بە روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا:</u>**

- لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، حکومەتی کەمپینی (بەیەکەوە بەهێزترین)ی تایبەت بە روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا راگەیاند، لە رێگای ئەم کەمپینەوە سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان بەشدارییان کرد، بۆئەم مەبەستەش ژمارەیەك حساب بانکی و کردەوە لە چەند بانکێك.
- تا رۆژی 17 -04 -2020 بڕی 20 ملیۆن و 875 هەزار و 368 دۆلار بەخشرایە کەمپینەکە بەم شێویەی خوارەوە:
- لە پارێزگای هەولێر: 15 ملیۆن و 716 هەزار و 181 دۆلار، رێژەکەی 76%.
- لە پارێزگای دهۆك: 2 ملیۆن و 975 هەزار و 145 دۆلار، رێژەکەی 14%.
- لە پارێزگای سلێمانی: 2 ملیۆن و 116 هەزار و 074 دۆلار ، رێژەکەی 10%.
- حکومەتی هەرێم شەفافانە بڕی پارەی کۆکراوە و سەرچاوەکەیشی بەردەوام بە لیست راگەیاندووە.

**<u>پشکنینەکانی نەخوشی فایروسی کۆرۆنا و خەرجییان لە هەرێم:</u>**

- تاکو رۆژی2020/4/11 لە هەرێمی کوردستان (17261) پشکنینی کۆرۆنا ئەنجامدراوە لەوانە (330) پۆزەتیڤ و (16931) حاڵەتی نێگەتیڤ، لەوانە (146 ) چاکبوونەوە و (4 ) گیانیان لە دەست داوە و حاڵەت (180 )ماونەتەوە.
- 70% پشکنینەکان بۆ پارێزگای هەولێر کراوە و 20% یش بۆ سلێمانی و هەڵەبجە، بۆ پارێزگای دهۆکیش نزیکی10%ی پشکنینەکانە.
- پشکنینێکی کۆرۆنا لە هەرێم 300 هەزار دیناری تێدەچێت، بەەەش لەو کاتەوە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوبۆتەوە حکومەتی هەرێم 8 ملیار و 757 ملیۆن دیناری سەرفکردوە، کە دەکاتە زیاتر لە 71 ملیۆن دۆلار.

**<u>رێنمایی بۆ دابینکردنی بودجەی تایبەت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بەبێ جیاوازی لەنێوان پارێزگاکانی هەرێمدا:</u>**

رێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە رۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونییەوە رێنمایی حکومەتی کردووە کە ئامانج و ئاراستەی سەرەکی کارکردنیان ئەوە بێت کە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە خزمەتی هەموو هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بکەن بە بێ جیاوازی.

هەر لە سەرەتای دروستبوونی قەیرانی کۆرۆناوە، لە مانگی ئادار و نیسان، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بڕە پارانەی خەرجکردووە بەم شێوەیەی خوارەوە، ئەمە جگە لە خەرجی رۆژانەی وەزارەتەکان و یەکە کارگێڕییەکان:

- (8,040,162,100)هەشت ملیار و چل ملیۆن و سەد و شەست و دوو هەزار و سەد دینار لە داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ دام ودەزگاکانی تەندروستی لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆیەکان خەرجکراوە.
- (4,400,000,000) چوار ملیار و چوارسەد ملیۆن دینار لە داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاری پارێزگاکان خەرجکراوە.
- (1,450,000,000) یەک ملیار و چوارسەد ملیۆن دینار لە داهاتی هەرێم بۆ وەزارەتی ناوخۆ و پێداویستییەکانی پۆلیس خەرجکراوە.
- (3,500,000,000) سێ ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار لە لایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە هاتووە، (1) یەک ملیار دینار بۆ هەر یەک لە بەڕێوەبەرایەتیە تەندروستییەکانی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک و (500) پێنج سەد ملیۆن دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتیە تەندروستییەکانی پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و راپەڕین خەرجکراوە.

کۆی گشتی پارەی خەرجکراو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان (بەو پارەیەی لە حکومەتی فیدراڵی عێراقیشەوە هاتووە) بۆ هەر دوو مانگی ئادار ونیسان: (17,390,162,100) حەڤدە ملیار و سێ سەد و نەوەد ملیۆن دینار و سەد و شەست و دوو هەزار و سەد دینار.

- سلێمانی و هەڵەبجە:

کۆی ئەو پارەیەی بۆ هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و راپەڕین خەرجکراوە:
(7,596,258,393)حەفت ملیار و پێنجسەد و نەوەد و شەش ملیۆن و دوو سەد و پەنجا و هەشت هەزار و سێسەد و نەوەد و سێ دینار.

- هەولێر و دهۆک:

ئەو بڕەی بۆ هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک خەرجکراوە:
(9,793,903,707) نۆ ملیار و حەوت سەد و نەوەد و سێ ملیۆن و نۆسەد و سێ هەزار و حەفتسەد و حەفت دینار.

ئەو خەرجییە زیادانەی هەولێر و دهۆک بە هۆی ئەوە بووە کە رێژەیەکی زۆری هاووڵاتیانی هەرێم بە رێگەی فرۆکەخانەی هەولێر و لە رێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە گەڕاونەتەوە بەتایبەت لە وڵاتی تورکیاوە و لە دهۆک و هەولێر کەرەنتینە کراون کە دانیشتووی گشت پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بوون.

**<u>ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM) لە چەند ڕوویەکەوە هاوکاریی هەرێمی کوردستانی کردووە لە بواری تەندروستی لەوانە:</u>**

دابینکردنی ماددەی (IEC)ی ئەلیکترۆنی بۆ ئەنجامدانی زۆرترین ژمارییە پشکنین لە کەمپەکاندا، هەروەها لە ڕێگای ئۆنلاینەشەوە ڕێنماییەکانی خۆپارێزیی بڵاوکردۆتەوە. دانانی تیمی تایبەت لە کەمپەکان بۆ پێشکەش کردنی ڕێنمایی سەبارەت بە تەندروستی تاکە کەسی، تەندروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی کە تا ئێستاش بەردەوامە. کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر ئاوارە و پەنابەران لە کاتی بوونی گومانلێکراوان و دیاری شوێنیان لەگەڵ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان.

لەلایەکی دیکەوە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی هەڵدەستێت بە پێشکەش کردنی هاوکاری بە خاون پرۆژە بچووکەکان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەدەغە کردنی هاتوچۆ لەسەر ژیانی ئاوارە و پەنابەران.، هەروها هەوڵیداوە بەگوێرەی توانا بۆ دووبارە شیاندنەوەی ژێرخانی کەرتی ئاو و خزمەتگوزارییە پێویستەکان. ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی هەستاوە بە چاپکردنی زیاتر لە (57،600) بڵاوکراوە و(6680) پۆستەری وشیاری تەندروستی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەروەها لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە ناردنی بۆ زیاتر لە (150.000) کەس بەتایبەتی پەنابەر و ئاوارەکان.